# بەخششە نەک دەستگیرۆیی Stipendium

## فەهمی کاکەیی

لە ڕۆژی 2005/1/24دا و لە ماڵپەڕی کوردستان نێت هەواڵێکی ئەدەبی بڵاوکرابۆوە کە مەهاباد قەرەداغی لە لە لایەن (SFF) ەوە خەڵات کراوە و پاشتر بە ڕوونی نووسرابوو کە ستیپێندیۆمی پێ بەخشراوە، دوایی لە ڕۆژی 2005/1/27 و لە هەمان ماڵپەڕدا هەواڵی ئەوە بڵاوکرابۆوە کە نووسەری ئەم دێڕانەش لە لایەن (SLFF)ەوە خەڵات کراوە، کە مەبەست لەمەشیان هەر ستیپێندیۆم بوو.

لەوە دەچێت چەند زاتێک چۆنێتیی دارشتنی ئەم هەواڵەیان پێ قووت نەدرابێ، یان باشتر بڵێم بە وشەی خەڵات بێ تاقەت بووبێتن، بۆیە پەیوەندییان بە یەکەوە کردووە و شتێکیان پێکەوە نووسیوە تاکوو بۆ خوێنەری بەرێز و بۆ خودی ستیپێندیۆم وەرگرەکان ڕوونی بکەنەوە کە خەڵات و ستیپێندیۆم دوو شتی جیاوازن و پاشانیش لە 2005/1/29دا بە لای کەمەوە لە سێ ماڵپەڕی کوردیدا نووسینەکەی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، وەک ئەوەی هەموو کێشەی میللەتی کورد جیاوازیی لێکدانەوەی وشەیەکی سویدی بێت.

ڕەنگە هۆی سەرەکیی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو (بەیان)ە ئەوە بێت کاک فەرهاد شاکەلی کە خۆی خەڵات کراوە ستیپێندیۆم بە خەڵات نەزانێت و ئەگەر هەرکەسەو ستیپێندیۆم وەربگرێت بە خەڵات ناوی ببات لە نرخی خەڵاتەکەی ئەم و شێرکۆ بێکەس و سەلیم بەرەکات کەم بکاتەوە، هەرچەندە ستیپێندیۆم و خەڵات هەرتکیان هەر پارەوەرگرتنن.

دیارە زۆر کەس هەن خۆیان بە نووسینەوە خەریک کردووە بێ ئەوەی دەروێشی کەسێک بن کاریان ناچێتە ڕێوە و هەلی وا دەقۆزنەوە بۆ نیشاندانی دڵسۆزیی خۆیان، بۆیە دووان لەو دەروێشانە خەبات عارف و بەرۆژ ئاکرەیی دەستپێشخەری دەکەن و بەیانێک دەنووسن، پاشانیش وەک کاک فەرهاد شاکەلی خۆی بۆی باس کردم داوای لێ دەکەن ناوی خۆی بخاتە سەر بەیانەکە ئەمیش بە گوێیان دەکات.

من پێم وایە کاک فەرهاد ناوی خۆی لەسەر هەر نووسینێک دانا با نەدەبوایە لەسەر نووسینێکی دابنێت کە باسی خۆی دەکات، چونکە ئەمە دەکەوێتە خانەی خۆهەڵکێشانەوە، کە کاک فەرهاد نەدەبوایەپێویستی پێی بێت.

ئێمە وەک کۆمەڵەی ئەلفوبێی کوردی کاک فەرهادمان بە زمانەوانی کۆمەڵەکە داناوە و لە هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیی بە زمانەوە هەبێت پرسی پێ دەکەین، دەبوایە ئەویش بەر لەوەی ناوی خۆی بخاتە سەر نووسینەکە پرسی پێمان بکردایە و ئەگەر بۆچوونی جیاوازمان هەبوایە گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. من لەبەر دوو هۆ وەڵامی ئەو نووسینە دەدەمەوە کە یەکەمیان ناوی کاک فەرهادی لەسەرە و دووەمیش کەسێک بە ناوی هەردی کاکەیی وەڵامێکی بۆ نووسیون و هەندێ کەس پێیان وایە کە ئەوە من بم، بەڵام من جگە لە کاتی پێشمەرگایەتی هیچ کاتێک بە ناوی خوازراوەوە نەمنووسیوە.

وشەی ستیپێندیۆم ناکاتە دەستگیرۆیی هەر وەک ئەو بەڕێزانە پێیان وایە، چونکە دەستگیرۆیی بە مانای یارمەتیدانی ئەو کەسانە دێت کە دەستیان کورتە و پێویستیان بە پارەیە، بەڵام شوکر ئێمە دەستمان کورت نییە و بگرە نووسەری سویدی هەیە ملیۆنێرە کەچی ئەو ستیپێندیۆمە وەردەگرێت. ستیپێندیۆم وەرگرتن دەست پان کردنەوە نییە بەڵکە پاداشتێکە نووسەران وەری دەگرن. من بەش بە حاڵی خۆم لە پای ئەو هەموو کتێبانەی کە بۆ منداڵی کورد نووسیومن یان سەرپەرشتیی و بەشداریی نووسنیانم کردووە و بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە وڵاتانی ئەوروپا بەکار دەهێنرێن ستیپێندیۆمم پێ بەخشراوە، ئەمە هیچ مننەتێکی تێدا نییەو دەروەزەم نەکردووە. ستیپێندیۆم بە هەر کەسێک نادرێت با کتێبیشی نووسیبێ و با داوای ستیپێندیۆمیشی کردبێ.

کتێبی ڕۆژ باش کە من بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی نووسیومە و خودی کاک فەرهاد پێیدا چۆتەوە لە ماوەی چوار ساڵدا چوار هەزار نوسخەی لێ چاپ کراوە و فرۆشراوە، کام نووسەر بگریت لە ئەوروپا دەبێ خەون بەوەوە ببینێ کە تەنانەت 500 نوسخە لە کتێبێکی بفرۆشرێت.

وشەی ستیپێندیۆم دەکاتە بەخشش، بەخشش واتە خەڵات. بە عەرەبی دەکاتە (منحە یان عطاء) کە ئەمەشیان هەر دەکاتە بەخشش. کاک فەرهاد پێی وایە خەڵات وەردەگیرێت بەڵام ستیپێندیۆم داوا دەکرێت، ئەمە هەمیشە وا نییە، کەسێک کە لە پێشبڕکێیەک بەشداری دەکات و پاشان خەڵات دەکرێت بە ئارەزووی خۆی و لەسەر داوای خۆی بەشداری کردووە، ئینجا ڕەنگە خەڵات بکرێت یان نا، هەروەها بۆ ستیپێندیۆمیش دەکرێت کەسێک پێشنیازی کەسێکی تر بکات. هیوادارم بەم ڕوونکردنەوەیە وەڵامی ئەو بەڕێزەشم دابێتەوە کە بە ناوی خوێنەرێکەوە شتێکی بڵاوکردۆتەوە و با ئەوەندە بوێر بێت ناوی خۆی بنووسێت.

**زۆر گوتن قورحان خۆشه! من پێم وایه پێویستی بەم هەرایه نەبوو، هەرا لەسەر جیاوازیی لێکدانەوەی وشەیەکی سوێدی، بەڵام:**

**ئەوانەی خەمی گەورەیان نییه خۆیان بە شتی بچووکەوه خەریک دەکەن.**


**فەهمی کاکەیی** **سوێد** 2005/2/4

fahmikakaee@yahoo.se

SFF **یەکێتیی نووسەرانی سوێد**

SLFF **یەکێیی نووسەرانی کتێبی خوێندنگەی سوێدی**